دڕکبژێر

# دیمستۆرا

مافپەروەر/ هیدایەت جمال قەرەداغی

گــەر ســەرنج بدرێتە پێشــنیارەکەی بەڕێز نوێنــەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە جێبەجێ کردنی مــادەی (١٤٠) کە لەم دوایەدا داویەتییە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەڵام جێگای سەرسوڕمان ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی کە پێشنیارەکانی نادادپەروەری و نادروستە و دژی داخوازییەکانی گەلی کورد بوو، ئەو پێشــنیارانەش کە ئەو دەست نیشانی کردووە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوە چونکە کاری ئەو بەڕێزە تەنها هاوکاری تەکنیکی و بەکاراکردنــی هەنگاوەکانــی جێبەجــێ کردنــی ماددەکەیە، نەگۆرانی ناوەڕۆکی ماددەکە کە لە ڕووی یاســاییەوە نادرووستە کە ئەو ماددەیە ماددەیەکی دەستورییە و لە٨٠٪ ی گەلی عێراق دەنگیان پێداوە، ئەمە لەلایەکی تر ئەو خاڵانەش مایەی نیگەرانی گەلــی کورد و حوکومەتــی هەرێم و لایەنە سیاســییەکانن کە بەفەرمی هەڵوێستی خۆیان دەربری، چونکە گەر باسی ناوەڕۆکی پێشنیارەکەی بکەین کە خۆی لە سێ قۆناخدا دەبینێ کە تەنها قۆناخێکیان راگەیەنراوە لەکاتی نووسینی ئەم بابەتە کە ئەویش دەربارەی هەر چوار شارۆچکەی ( ئاکرێ و مەخمور و حەمدانیە و مەندەلییە) و قۆناخی دووەم وەکو پێشبینی دەکرێ سەبارەت بە شارۆچکەکانی ( خانەقین و تەلەعفەرو شەنگاڵ و شێخان) بێت و قۆناخی سێیەم تایبەت بە پارێزگای کەرکوک و دەوروبەری بێت، ئەوەی لە قۆناخی یەکەمدا سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو چوار شارۆچکەیە هاتووە ئەوەیە، کە ئاکرێ و مەخمور بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان بەوەی ئاکرێ لە دوای ساڵی (١٩٩١) لەلایەن پارێــزگاری دهۆکەوە بەڕێوە دەبرێــت و خۆی دەڵێت: زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و کێشەی نییە بخرێتەوە سەر دهۆک چونکە ڕژێمی لەناوچوو خســتبوویە سەر موسڵ ئەمە جارێ وەکو خۆی دەڵێت لە ســاڵی (١٩٩١) وە لەلایــەن هەرێمەوە بەڕێوە دەبرێت و کێشــەی نییە، ئیتر نیشــانە پێدانی لەو پێشنیارەدا بۆچی و هەروەها هاتووە کە شارۆچکەی مەخمور بخرێتە سەر کوردستان جگە لە شارەدێی قەراج کە زۆرینەی دانیشتوانی عەرەبن و ئارەزوو دەکەن لەسەر موسڵ بن هەروەها شارۆچکەی حەمدانیەش ئاخۆ چ لایەنێکی فەرمی ئەم ســەرژمێرەی کردووە و ئەم راپرسییەی ئەنجامداوە؟ کە هێشتا مادەی (١٤٠) قۆناخی یەکەمی تەواو نەبووە، کە قۆناخی دووەمی ســەرژمێر و سێیەمی راپرسینەوە هەروەها شارۆچکەی مەندەلیش بەهەمان بیانوو بخرێتەوە سەر پارێزگای دیالەوە بەڵگەیەکی مێژوویشی وەکو پاساو هێناوەتەوە بۆ بڕیاری دابڕانی ئەو شــارۆچکانە لە کوردستان کە لە ساڵی١٩٣٢ بەڵام گەر ئەوان بەڵگەی مێژوویی باس بکەن، ئەی ئەوە بۆ باس ناکەن کە بەڵگەی مێژووییەکان دەیســەلمێنن کە هیچ کاتێک سنووری عێراق لە زنجیرە چیای حەمرین تێنەپەڕیوە و تاوەکو دروستبوونی عێراقی نوێ، دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوســمانی، هەرێمی کوردستان کە بەویلایەتی موسڵ ناسراو بوو، بەشێک نەبووە لە عێراق، بەڵکو لایەن ئیدارە خۆجێیەکانی کوردستان و ئیماراتەکان و میرەکانەوە بەڕێوە براوە، ئەمە قۆناخی یەکەمی پێشنیارەکەی ئەو بەڕێزە بوو کە ســەرتاپای غەدر بوو لەگەلی کورد سەبارەت بە شارۆچکە و شارەدێیانەی کە بە پێشنیاری ئەو لە کوردستان دابڕێت، ئاخۆ قۆناخەکانی دووەم و ســێیەمی دەبێ چۆن بێ؟ گــەر بێین بەراوردی بکەین بە قۆناخی یەکەمی پێشــنیارەکەی دەبێت بەم شــێوازە بێت: گەر دوور بۆی نەچین قۆناخی دووەم کفری وەکو ئاکرێ بۆ هەرێمی کوردستان، خانەقین وەکو مەندەلی بۆ دەســەڵاتی ناوەندی، شــەنگاڵ و تەلەعفەر و شێخان وەکو حەمدانییە یاخود وەکو مەخمور چەند ناوچەکی گرینگ ستراتیژی لە بــوارە جۆرەکانی لێ دادەبڕن، بۆ دەســەڵاتی ناوەندی و بۆ دڵنەوایــی کورد و فریودانی چەند ناوچــەک، کەلای ئەوان کەم بایەخ بێــت، بەڵام کورد بە چاوی تەماح ســەیری ئەو ناوچانە ناکات، بەڵکو وەکو پیرۆزی خاک و نیشانەی ستەم لە گەلەکەی سەیری دەکات سەرجەمیان بایەخدارن بۆ کوردستان دەیدەنەوە

بە کورد، دەربارەی قۆناخی سێیەم لە پێشنیارەکەی ئەو بەڕێزە دوور نییە بەم شێوازە بێت، کە دەربارەی کەرکوک و دەورووبەری سەبارەت بە کەرکوک دەسەڵاتی ناوەندی بەرامبەر بەوە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی چەواشەکاری بە چەشنی پێشنیاری یەکەم پارێزگای دهۆک لە پێشوودا سەر بە پارێزگای موسڵ بووە و دوای کراوەتە پارێزگا و لەلایەن ئیداری هەرێمەوە بەرێوە دەبرێ، زۆرینەی دانیشتوانی کوردە و کێشەی نییە با سەر بە هەرێم بێت و دانیشتوانەکەشی و داوا دەکەن هەریەک لە شارۆچکەکانی ( داقوق و دوزخورماتوو سلێمان بەگ و حەویجە) یە بگەڕێتەوە سەر کەرکوک ئەوانەی بە بڕیاری ڕژێم لکێنراون بە پارێزگای سەلاحەدین لەبەر بەڵگەی مێژووی ساڵی (١٩٣٢) یاخود سەر بە کەرکوک بوون، با وەکو خۆی بێ چونکە کێشەی نییە.

ئەم پێشنیارانەی کە نوێنەری بەڕێز سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دایڕشتووە، ئەو سەر گوزشتەیەم دێتەوە یاد ( کە کاتێک باوکێک دەمرێ دوو برا لە پاش بەجێ دەمێنێ برا گەورەکە برا بچووکەکەی فریو دەدات کە پەرژینێکی قایم بێ (تەشبیە) نەبێت بۆ مافەکانی گەلەکەمان بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان کە هەمووی پیرۆزە، ناوچەی بایەخدار و نابەیەخداری نییە، بەڵکو وەکو پێشتر نیشانەم پێکرد ئەوانەی چاوچنۆکن خاکی کوردستان) کاتێک برا گەورە بە برا بچووکەکەی دەڵێ ئەو گا (چێڵە) زۆرخۆرەی کە بە هیچ شتێک تێر ناخوات بۆ من، ئەو پشیلە خەتوو خاڵەکەم خۆرە بۆ تۆ کە خەرجی ناوێ، ئەو خانووە کۆنە بە ئەرکە بۆ من لە زەوییەوە بۆ سەربان، لە سەربانەوە بۆ ئاسمان بۆ تۆ، ئەو ئۆتۆمبیلە بە خەرجییە و بەنزین ڕۆژ دەخوا بۆ من، ئەو پاسکیلە بێ خەرجییە بۆ تۆ. گرینگ نییە منیش زیانم لێ بکەوێت بەس با نەڵێن براکەی فریو داوە، بۆیە لێرەدا پێویستە کورد وریا بێت چی تر فریو نەدرێت، بە زەردەخەنەی هەموو کەس بڕوا نەکات و حساب بۆ هەموو شت بکات دابەشکردنی پێشنیاری ئەم بەڕێزە بە سێ قۆناخی یەک لە دوای یەک دەکرا هەمووی بەیەک قۆناخ بێت، بەڵام ئەوەش پلانێکە بۆ تاقیکردنەوەی هەڵویستی کورد، کە تا بزانن ئاخۆ کورد تا چەند ڕادەی کاردانەوەی دەبێت کە بەداخەوە ڕاستە لایەنە پەیوەندیدارەکان زوو هەڵویستی خۆیان دیاری کرد بەڵام هەڵوێستێکی لاواز بۆ نموونە پەرلەمان ڕاگەیاندنی بڵاو کردەوە، بەڵام تیایدا هاتووە نیگەرانین و چاوەڕێی قۆناخەکانی تری پێشنیارەکە دەکەین، دە دەبوو ڕەت بکرایەتەوە، تاوەکو لەگەڵ پیاداچوونەوە بە قۆناخی یەکەم وراستکردنەوەی قۆناخی دووەم و سێیەم دووبارەی ئەم جۆرە پێشنیارە نابەجێیانە نەبینینەوە، وەکو چۆن بۆچوونی ئێمە لەسەرەتا کورد زۆر نەرمی نواند کە هەڵە بوو بە ماددەی (٥٨) و دوایش ماددەی (١٤٠) ڕازی بوو بۆ چارەسەرکردنی ناوچە دابڕاوەکان، چونکە قۆناخی سێیەمی ئەو دوو ماددەیە باس لە ڕاپرسی دەکات لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوچانە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ناوچەکانیان. ڕاستە ڕاپرسی شێوازێکە لە دیموکراتی بەڵام بۆ هەموو بابەتێک نەدەگونجا ڕاپرسی بکرێ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی هەرێمەکەمان ئاخۆ سەربەخۆ بین یاخود پارچەیەک بین لە عێراق، یاخود دەوڵەتێکی تری دراوسێمان یاخود جۆری پەیوەندیمان لەگەڵ ناوەند فیدراڵی بێ یاخود بە جۆرێکی تر لە سیستەمەکان چاکسازی لە دەستوردا بە گشتی یاخود ماددەیەک نەک ببێتە ڕاپرسی لە چارەنووسی بەشێک لە خاکی خۆت بکەیت، کە ڕووبارێک خوێنت بۆ داوە کە جگە لە نسکۆی (١٩٧٤) خەبات قوربانیەکانی گەلەکەت کە بۆ سەرجەم خاکی کوردستان بوو ئەوا لە دوای کەرکوک بۆ کوردستان گەر بردتەوە یاخود بۆ کەسێکی تر گەر دۆڕاندت بە دەنگدان چ کاتێکیش لە سایەی گەندەڵی و نایەکسانی ئیداری و سیاسی کوردستان هەستی نەتەوەیی سات لە دوای سات بەرەو نزمی دەڕوات، کە دەنگدان بە ژمارەی دەنگەدر ناپێورێت بە بەشداری نەکردن و بەرژەوندی دەنگدان لە بەرژەوندی تۆ دەپێورێ هەڵوێستی سیاسی کورد لە پێشدا وانەبوو سەبارەت بە کەرکوک و ناوچەکانی تر هەروەکو لە شۆرشی ئەیلوول بارزانی نەمردا، بەدیمان دەکرد کە جگە لەوەی لە ساڵی (١٩٧٢) گیانی کەوتە مەترسی بەڵام گرینگ نەبوو لەلای گفتوگۆی تێک نەدا کاتێک ڕژێم لەلایەن چەند مەلایەکی ساختەوە هەوڵی تیرۆر کردنی دراو لە ساڵی (١٩٧٤) بە هەمان شێوە کاتێک ئیدریس بارزانی کە قوربانی دا بە شۆرشی ئەیلول و پارتی لە پێناو کەرکوک سەرەڕای ئەو سەر گوزشتەیەی کە لەم چەند ساڵەی دوای لە سەرزاری سەرۆکی هەرێم گێردرایەوە لە میدیاکانی کوردستان سەبارەت بە هەڵویستی بارزانی نەمر، کە فەرموویەتی: ( **من دەڵێم کەرکوک کوردستانە گەر توانیمان لە چاوتانی دەردەهێنین گەر نەمان توانی قەرز بێ لەلاتان بۆ نەوەکانی ئایندە و کەرکوک گەر یەک تاکە کوردیشی تیادا نەمێنێ هەر کوردستانە**) نەک تیرو پشکی بۆ بکرێ وەک ناویان ناوە ڕاپرسی، ئەو کەرکوک نەک تاکە کوردێکیشی تیانەبێ هەر کوردستانە بەڵکو بەو جیاوازی یەک دەنگ دەبیەیتەوە یا دەیدۆڕێنی ئنجا کە ئەمەش ناکەن و چاوڕات لێدەکەن وەک پێشنیاری بەڕێز نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، دەبا کورد لەگەڵ پاراستنی پەیامی ئاشتی خوازی و پێکەوە ژیان چیتر با ماوە نەدا کە گۆڵی لێ بکرێ.